کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-8-2007 15:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**رووونکردەوەیەک بۆ کاکە (هەرمان خالید) ی خۆشەویست لە سەر بابەتەکەی رۆژێک لە رۆژان خۆشمان دەویستن ... باوکی شازاد**

برای بەڕێزم کاکە هەرمان گلەییەکانت خرا سەر چاوان ئەوەی ووتبوت هەر هەمووی ڕاست و دروستە بەڵام بەخوا کاکە کار لە کار ترازاوە دەزانی بۆ؟ لە بەر ئەوەی ئەوانەی ئێستا کار بەدەستن ئەوانە زۆربەیان ئەو کەسانە نین کە جەنابت باسیان لێوە دەکەیت ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت کەمێکیان لە ژیان ماون هەر هەموویان بە سەر کردەو پێشمەرگەوە یان شەهید بوون وەیان بەهۆی تەمەنەکانیان بوونە بە پەککەوتە یان کۆچی دواییان کردوە وە دوا قافلەکەیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی. ن. ک. کاک (جەبار فەرمان) بوو کە ماوەیەیەکی درێژ بوو لە گەڵ مەرگ دا لە ململانێ دابوو بەڕاستی پیاوێکی ئازاو بە جەرگ بوو بەڵام مەخابن خێری لە خۆی نەدی، ئەو شێرە کردیو ڕێویەکانیش خواردیان ئێستا خێزان و منداڵەکانی پێشمەرگە شەهیدو پەککەوتاکان بوونە بە سواڵکەری بەر دەرگای لێپرسراوەکانی تازە بابەت کە زۆربەیان نە پێشمەرگە بوونەو نە کەسیشیان ناسیوە کە پێشمەرگە بووبێت بەڵام بە قودرەتی قادر و بەهۆی کەسێکی دەست ڕۆیشتو بوونە بە لێپرسراو لەوانەیە کوڕی پیاوێک بن هەر لە باوک و باپیریەوە دوژمنی پێشمەرگە بووبێت و چەکی خیانەتی دژی شۆڕشی کورد هەڵگرتبێت بەڵام ئێستا لە سەر خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە ماندوو نەناسەکان بووە بە فیرعەون کەس ناتوانێت دەست لە بەر دەستی هەڵبدات لە بەر ئەوەی ئەو کەسەی ئەوی لەوێ داناوە پشتیوانی لێ دەکات دەزانی دیسان بۆ؟؟؟ لەبەر ئەوەی شەریکیەتی کاسبی بۆ دەکات بی ئەوەی کەس هەستی پێ بکات وە هەر کەسێکیش دژی بوەستێت لە ڕەگ و ڕیشە دەری دەهێنن با خاوەنی چەند شەهیدیش بێت وەیان پیاوێکی شۆڕشگێڕیش بێت لە بەر ئەوەی لای ئەوان دژایەتی دزوو گەندەڵچیەکان و کۆنە خائینان بازدانە لە سەر هێڵە سورەکان نابێ کەس لێی بپەڕێتەوە. ئەو پێشمەرگانەی کە جەنابت باسیان دەکەیت خۆ ئەوەی لە ژیانیش مابوون پاش ڕاپەڕین زۆربەیان لە شەڕەکانی ناوخۆ شەهید کران یان بوونە بە پەک کەوتە ئێستا هەر کەس ئەوانی لە بیریش نەماوە، کواشێرە کوڕەکانی دەشتی هەولێر کە هەر هەموویان ڕۆڵەی ئازاو دلێر بوون دوژمن هەزار حیسابی بۆ دەکردن هەر یە کێک بە جۆرێک لە ناو بران و بوون بە شەهیدی خێر لە خۆ نەدی و کە دەڵێی شەهید فلان کە دەزانن لە شەڕی برا کوژی کوژراوە زۆر کەس هەیە کە سەر بەلایەنەکەی ترە لە وانەیە کەسێکی نزیکی بە دەستی ئەو لایەنە کوژراوە لە ژێرەوە لچت لە هەڵدێنی فشەی بە قسەکەت دێت، کوان ئەو ڕۆڵە بە جەرگانەی بادینان و گەرمیان و سلیمانی و هەورەمان و دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی و بیتوێن و دۆڵی جافایەتی کەرکوکی بێ نازی دابەش کراو لە نێوان قودس و دڵی کوردستان هەر هەمویان شەهیدو پەک کەوتەن ئەوەی لە ژیانیش ماون هەر هەمویان بوونە بەشەهیدی زیندوو، برای بەڕێزم کاک هەرمان گلەیی لە کێ دەکەیت کەسانێک ئێستا لە ووجود دا نەماون تاکوو بێن وەڵامت بدەنە وە و بەرگری لە خۆیان بکەن بڵێن ئێمە هەر کوڕی ڕۆژانی سەختین، ئەوەی کە ماویشە کەس گوێ بۆ قسەکانیان ناگرێت گەر بێت و باسی نەبەردیەکان و داستانە قارەمانیەکانیان بکەن لێپرسراوە تازەکان قێزیان لێ دەکەن باس کردنی شەڕ بە تەخەلوف وەسف دەکەن لەبەر ئەوەی ئەوان نە شەڕیان دیوەو نە پێلاوێکیان بۆ کوردایەتی دڕاندوە پێی دەڵێن کاکە باسی چی دەکەیت ئێستا کەی باوی شەڕو شۆڕ ماوە خەڵک ئێستا باسی عەولەمەو ئێنتەرنێت و کەناڵە ئاسمانی و جۆرەکانی مۆبیل تەلیفۆن دەکات کێ تاقەتی هەیە گوێ لەم قسە ووشکانەی تۆ بگرێت، جا کەسێک هیچ ساردی وگەرمی لە ڕێگای خەبات نەدیبێت هەڵبەتە هەست بەو کەسانەش ناکات کە ماندوو بونەو خوێنیان ڕژاوەو خۆشەویست ترین هەڤاڵیان لە کاتی هێرش بردن بۆ سەر دوژمن شەهید بوەو وەسیەت نامەی پێ سپاردوون کە چیبکەن پاش شەهید بوونی ئەوان چۆن دڵی خانەوادەکە یان بدەنەوەو کە گەڕانەوە چۆن دڵی منداڵە وردەکانی بدەنەوە کە لە ژێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەشکەوتەکان خۆیان شاردۆتەوە لە ترسی فرۆکەکانی دوژمن، بەڵام داخی گرانم ئێستا ئەو پێشمەرگانەی باسیان دەکەم یان کەوتونەتە هەندەران یان لە ماڵەکانی خۆیان دەرناچن لە شەرمەزاری خانەوادەی شەهیدان لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوان بونە بە سفری پشتی فاریزە واتە بە هیچ ناچن لەوانەیە بە موچەیە کی زۆر کەم خانەنشین کراوە کە بەشی خانەوادەکەی خۆی ناکات گەر دەرامەتێکی تری نەبێت لە برسا خۆی و منداڵەکانی ڕەزیل دەبن، ئەگەر سەد ماستاو بۆ لێپرسراوەکان نەکەن هەر نایەڵن بچنە لاشیان بۆ کارێکی تایبەتی خۆیان زۆر لەو پێشمەرگانەی جەنابت باسیان دەکەیت لە بەر دەم نوسینگەی لێپرسراوەکان دراونەتە بەر شەقی پاسەوانەکان کە لەوانەیە کوڕە جاشێکی ئەنفال چی بێت، نازانم باسی چی و چی و چیت بۆ بکەم چەندی دەمەوێت جورئەت بکەم باسی هەندێ کارێ زۆر نامرۆڤانەت بۆ بکەم کە دەرهەق بە کەس و کاری شەهیدان دەکرێت بەڵام ناتوانم بۆم ناکرێ لە بەر ئەوەی نامەوێت زیاتر وێنەی سەرکردەو لێپرسراوەکان ناشیرینتر بکەم شتێکی تیا دێڵمەوە بەڵکو کابرا وتەنی ئەها ئەوە دونیایا تۆزێک هۆشیان بێتەوە سەر خۆو بەخۆیان دا بچنەوە دیسان ببنەوە بە خۆشەویستی خەڵک هەموومان جارێکی تر شانازیان پێوە بکەینەوە بەڵام زۆر کارێکی زەحمەتە لە بەر ئەوەی سەرکردەکانی کە دەوڵەمەند بوونە نایانەوێت جارێکی تر هەژار ببنەوەو ئێستا برادەراتی خەڵکانی لە ئاستی خۆیان دەکەن ماڵ ومناڵەکانیان شەرمیان پێیە کە کەسێکی هەژاری خزمیان هاتو چۆیان بکات باشە ئەی چۆن ئەوانە جارێکی تر دێنەوە بۆ ئەو گوندانەی کە خەباتیان لێکردوە نمەکیان کردون بە سەدان جار، خاوەن ماڵی وا هەبوو ئەگەر مریشکێکیان هەبوایە سەریان نەدەبڕی دەیان گوت با فلانە پێشمەرگە بێتەوە ئینجا بەبرنج و شلە بەیە کەوە دەیخۆین باشە ئێستا ئەو کەسە ئامادەیە لە گەڵ پیاوێکی هەژاری لادێی لە ناو یەک قاپ نان بخوات لە سەر یەک سفرەی نانخواردن دابنیشێت لە گەڵی، بە خوا لە شەرمی ڕوو نەبێت کە هاتە ماڵەکەی لە دەرەوەی ژوری میوانان نانی بۆ دادەنێن دەڵێن گوناحە نازانێت بە کەوچک و چەنگاڵ نان بخوات لە گەڵ ئێمە با شەرم لە خۆی نەکات ناڵێن قێزمان لیی دەبێتەوە ئەو پیاوە پیس و چلکنە ئەوە چیە هەموو ڕۆژێک سەلام و عەلەیکوم بابە ئەوە زانیمان لە کاتی خۆی پارە چلتاوێکمان لە ماڵەکەی سندان کردوە یان چەند ڕۆژێک مناڵەکانم بە میوانی هاتبونە لام لە ماڵەکەی مابونەوە باشە کە چوو لە شار مناڵەکانم بێنێت خۆ لەبیرم ماوە پارەی ڕێگاکەم پێ دابوو ئێ خۆ ئێستا ژنە کۆنەکەشم نەماوە تاکو بیناسێتەوە ماوەیەکە دەستمان لێک کردۆتەوەو لە سایەی خوا مناڵەکانی گەورەبونەو منیش ئێستە ژنێکی ترم هێناوە کەسی لەم بابەتە هەر ناناسێت زۆر مناڵە، خۆ لافیتەیەک هەڵناگرین بیخەین بە سەر سنگمان کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هاتوینە ماڵەکەت، بە پاسەوانەکان دەڵێت شتێکی بدەنێ و پێی بڵێن کاک مامۆستا فلان زۆر سەر قاڵە مەجالی نابێت هەر تۆ بێیت بۆ شار کارێکت هەبێت بتەوێت بینێت مەجالی نیە جارێکی تر بۆ ئەو کارە بچوکانە مەیەوە ئێرە بەم شێوەیە کابراش کەرامەتی هەیە جارێکی تر ئەگەر لە برساش بمرێت سەر بەم دەرگایە ناکاتەوە بەڵام ئایە جەنابی لێپرسراوی کۆنە پێشمەرگە چەن مورتاح دەبێت بە بڕیاری ئەو پیاوە هەژارە کۆنە خانەخوێیەی دەڵی دەباشە ئەوەشمان لە یاخە بووەوە، لە بیری نەماوە کە کاتی پێشمەرگەبوو دەهات قسەی زل زلی دەکرد بۆ ئەوەی جێی پاروی خۆی خۆش بکات دەیوت بەخوا گەر کوردستان ڕزگار بوو دەبێ گوندەکانمان بکەین بە بەهەشت هەموو خزمەت گوزاریەکیان بۆ دابین بکەین هەر لە جادەو ئاوو کارەباو شتی زۆری تر تاکو بتوانین تۆزێک جاکەی ئەو خەڵکە بدەینەوە ئێمە قەرزاری ئەوانین هەتا مردن لە بەر ئەوەی کاکی مەسئول قەت بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک دێت کوردستان ڕزگار دەبێت و خەونەکە دەبێ بە حەقیقەت ئەویش دەبێت بە لێپرسراوێکی گەورە لە حکومەتی کوردستان، کاکی برا هەرمان گیان هەر ئەوەندەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

12-8-2007 15:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە دەست دێت بەخۆت دەزانی منیش لە خۆم دەترسم خاوەن کۆڵێک منالم با کە گەڕامەوە بۆ کوردستان کەمینێکم بۆ دانەنێنەوە یان موشکیلەیەکم بۆ دروست بکەن نەتوانم لێی دەربچم، بەخوا قسەی هەق رەقە جا هەر کێ بیکات لێم گەڕی با هەموو برینەکانم هەڵنەوەشێتەوە بەخوا کەس نیە لەو زەمانە یارمەتی هە ژارو لێ قەوماوان بدات هەرکەسە دەڵێت (ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی) هیوادارم وەڵامێکی تێرو تەسەلم دابیتەوەو دڵی کەسیشم زویر نەکردبێت ئەوە واقیعە دەبێ هەموومان بیزانین هەر شادو سەرکەوتو بن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.